# دەربەندیخان: ئەندامی خێزانێک بریندار دەبن

رۆژی ١٤-٨-٢٠٠٨ ئۆتۆمبیلێکی جۆری مازدا مۆدیل ٩٢ لە ڕێگەیی دەربەندیخان - کەلار نزیک فولکەی مەیدان وەرگەڕاو سەرجەم سەرنشینەکانی کە ٦ شەش کەسی یەک خێزانێک بوون بەسوکی بریندار بوون و زیانی زۆری مادیش بەر ئۆتۆمبیلەکە کەوتووە،

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو خێزانە دانیشتووی کەلارن و بەهۆی خێرایی لێخوڕینەوە، شۆفێرکە کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیلەکەی لەدەستداوەو وەرگەڕاوە.

# رانیە: پۆلیسک دەکوژرێ

شەوی ٩/١٠-٨-٢٠٠٨ کەسێکی دانیشتووی گەڕەکی بەرجۆگایانی شارۆچکەی رانیە بەناوی(ک.س) کاتێ بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، ژنەکەی خۆی لەگەڵ پۆلیسێک دەبینێ، خۆی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ، هێرش دەکاتە سەریان، پۆلیسە دەکوژێ و ژنەکەی خۆیشی بە سەختی بریندار دەکات، دراوسێکانی بەهاواریەوە دەچن و رەوانەی نەخۆشخانەی دەکەن.

# چۆمان: گلەیی لە خراپی هێڵی تەلەفۆن دەکەن

سەرچاوەیەک بە پەیامنێری رۆژی گەلی راگەیاند کە ماوەیەک هێڵی تەلەفۆن لە دەڤەری چۆمان زۆر خراپ بووە و بە زەحمەت وەردەگیرێ، هەروەها هێڵی ئینتەرنێتەکەشی هێندە خاو بووە کە هیچ سوودی لێوەرناگیرێ، بۆیە دانیشتووانی دەڤەرەکە ناڕەزایی و بێزاری خۆیان دەردەبڕن و داوا لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای کۆڕەک تەلەکۆم دەکەن کە بەهانایانەوە بچن و ئەو کێشەیان بۆ چارەسەر بکەن. هەر ئەمەش وایکردووە کە خەڵکی داوا لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای ئاسیاسێل بکەن تا تاوەر لە ناوچەکە دابنێ و هێڵەکانی خۆی لەو دەڤەرە بخاتە کار.

# بالیسان: بە هۆی راگرتنی مووچەکەی، خۆی بریندار دەکات

رۆژی ١١-٨-٢٠٠٨ کەسێک بەناوی (ر.و) دانیشتووی گوندی مێرگەسەری دەڤەری بالیسان، بەهۆی ئەوەی کە فەرماندەکەی مووچەکەی رادەگرێ، ئەویش توانای ئەوەی نابی پێداویستیەکانی خۆی دابین بکات، پەنا بۆ چەک دەبات ، گوللەیەک لە خۆی دەدات و خۆی بریندار دەکات، بەڵام خزم و کەسانی بەهانایەوە دەچن و بەپەلە رەوانەی نەخۆشخانەی دەکەن، لەوێ نەشتەرگەری بۆ دەکرێ و ١٠ دەرزی بۆ دادەنرێ، بەڵام لەبەر نەبوونی ناچار دەبێ کە حەوت لەو دەرزیانە بفرۆشیتەوە.

# دەربەندیخان: چەند ژنێک پەنا بۆ مەرگ دەبەن

رۆژی١٠-٨-٢٠٠٨ ژنێک تەمەن بیست وحەوت ساڵە، بەناوی (ه.ف.م) دانیشتووی دەربەندیخان لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو خۆی سووتاند.

رۆژی ١٠-٨-٢٠٠٨ کچێکی تەمەن ١٥ ساڵە، دانیشتووی کانی تووی شارۆچکەی دەربەندیخان بەناوی (س.ع) خۆی دەرمانخواردوو کرد، بەڵام بەپەلە رەوانەی نەخۆشخانە کرا، لەوێ پزیشکەکان بەهانایەوە چوون و لەمردن رزگاریان کرد، ئەو کچە هۆکاری دەرمانخواردنەکەی بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێتەوە، بەڵام خزم و کەسانی بوونی هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی رەت دەکەنەوە.

# کۆیە: فەرمانبەرێکی قایمقامیەت دەر دەکرێ

بەگوێرەی هەواڵێک کە ماڵپەری سبەی بڵاوی کردۆتەوە، فەرمانبەرێکی دیوانی قایموامیەتی قەزای کۆیە بەهۆی ئەوەی دەرکەوتووە کە بڕوانامەکەی ساختەیە، لەسەر کار لادراوە.

بەپێی نوسراوی ژمارە ١٥٨١ی رۆژی ٥ی ئابی ٢٠٠٨ی قایمقامیەتی قەزای کۆیە، (س،ح) فەرمانبەری دیوانی قایمقامیەتی قەزای کۆیە بەهۆی بڕوانامەی ساختەوە فەسڵکرا.

# رانیە: نمایشی گروپێکی سویدی

سەرلە بەیانی رۆژی هەینی ١٥-٨-٢٠٠٨ لە سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە، تیمێکی هونەری (IMPROVISATION CO) کە تیپێکی هونەری ناسراوی ولاتی سویدەو خاوەن رێچکەو تایبەتمەندی خۆیەتی و مۆڵەتی کارکردنی هەیە، ۆرک شۆپێکی هونەری بۆ زیاتر لە ٣٠ کورو کچی شاری رانیە کردەوە، کە بە شێوەیەکی تازەو بە تەکنیکی بەرزی هونەری شانۆی ئیرتیجاڵی بۆ بەشداربوان شیکرایەوەو بە نمایشی بەردەوامیش ۆرکشۆپەکە تایبەتمەندی خۆی وەرگرتبوو، هەروەها ئێوارەی دوێنی ١٦-٨-٢٠٠٨ گروپە نمایشێکی هونەری لە هۆڵی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە ئەنجام دا.

# پەیامی پیرۆزباهی بە بۆنەی ١٦ی ئاب

**بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

**بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان**

سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوون.

لە پێوەند بە شازدەی ئاب و بەبۆنەی شەست و دووەمین ساڵوەگەری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەختەوەرم بەناوی خۆم و لەجیاتی هەڤاڵانم لە سەرکردایەتی حزبی رزگاریی کوردستان دا، گەرمترین و رازاوەترین پیرۆزباهی پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز بکەم، لە ریگەی ئێوەشەوە سڵاو پیرزۆباهی خۆمان پێشکەش بە کادرو ئەندام و لایەنگرانی پارتە تێکۆشەرەکەتان دەکەین، هیواخوازین کە هەمیشەساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خۆشی و لەنێو باوەشی کوردستانێکی رزگارکراو سەربەخۆدا بکرێتەوە، ئێوەش هەرکات سەرفرازو بەختەوەربن.

بەڕێزان! شازدەی ئاب لە دیرۆکی نەتەوەی کورددا رۆژێکی مێژووییە، چونکە شەست و دوو ساڵ لەمەوبەرو لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا، بارزانی نەمر پارتێکی بەرنامەدارو گشتیگیری لەپێناو وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان دامەزراند، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان چونکە خواستێکی رەواو پێداویستێکی مێژووی بوو، هەر زوو توانی زۆرترین جەماوەری گەلەکەمان لە خۆی کۆبکاتەوەو رێبەرایەتی شۆرش و راپەرینەکانی گەلی باشووری کوردستان بکات، بە درێژایی ئەو ماوەیەش لە پێشەوەی کۆڕی خەبات و تێکۆشان دابووەو قوربانی زۆروزەوەندی پێشکەش بە نیشتمان کردووە، ئێستاش رۆڵی بەرچاو و کاریگەری لە بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاراستنی دەستەکەوتەکانی گەلەکەماندا هەیە، بەوهۆیەشەوە جێگەی شانازی نەتەوەکەمانەو وا دەخوازێ کە هەموو ساڵێک بە شکۆو رێزەوە یادی دامەزراندنی بکرێتەوە.

شکۆدار بێ شازدەی ئاب، ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ریگەی سەرفرازی کوردو کوردستان.

**رێکار ئەحمەد**

**سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان**

**١٦-٨ - ٢٠٠٨**

# پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

**بەڕێز کاک مستەفا هجری سکرتێری گشتی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.**

**بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوون.

لە پێوەند بە٢٥ی گەلاوێژ، شەست و سێهەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی رێبەرانی شەهید پێشەوا قازی محەممەد، شەهید دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندیو هەزاران شەهیدی دیکە، بەناوی خۆم و لەجیاتی هەڤالانم لە سەرکردایەتی حزبی رزگاریی کوردستانەوە، پەیامی پیرۆزباهی خۆمان پێشکەش بە ئێوەی بەرێز و تێکۆشەر دەکەین، لە رێگەی ئێوەشەوە سڵاوو پیرزۆباهی خۆمان پێشکەش بە تێکرای کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حزبە تێکۆشەرەکەتان دەکەین.

بەرێزان! ٢٥ی گەلاوێژ رۆژێکی مێژوویی درەوشاوەیە، چونکە لەو رۆژەدا لەسەر دەستی قازی محەمەد، پێشەوای مەزنی کوردایەتی، رێکخراوێکی کوردستانی بەرنامەدار بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کورد راگەیەندرا، لە دەستپێکدا توانی کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ و خەونی رزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد بەدی بهێنێ، هەرچەندە کە تەمەنی ئەو کۆمارە کورت بوو، بەڵام دیسانیشەوە جێگەی شانازی نەتەوەی کوردەو وەک بەرچاوترین یادگاری مێژوویی دەمێنێتەوە. بەوهۆیەشەوە هەموو ساڵێک نەتەوەی کورد بە جۆش وخرۆشێکی کەموێنەوە پێشوازی لە هاتنی ئەو رۆژە دەکات، لەو بۆنەیەشدا رێز لە خەبات و تێکۆشانی ئەو نەمرانە دەگرێ کە گیانی خۆیان پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەیان کردووە.

ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا، ئەمساڵیش رۆژی ٢٥ی گەلاوێژ بە دەرفەت دەزانین تا جەخت لە سەر گرینگی پێوەندی نێوان هەردوو حزبی رزگاریی و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بکەینەوەو ئامادەیی خۆشمان بۆ قوڵکردنەوەو پەرەپێدانی دووپات بکەینەوە.

شکۆدار بێ ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەرکەوێ خەباتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لەپێناو رزگاری و سەربەخۆییدا.

**رێکار ئەحمەد**

**سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان**

**١٥-٨ — ٢٠٠٨**

# پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی ٨ی ئاب

**بەڕێز کاک محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان**

سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوون.

لە پێوەند بە ٨ی ئاب، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، بەختەوەرم بەناوی خۆم و ئەندامانی سەرکردایەتی و تێکڕای کادیرانی حزبی رزگاریی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان بکەم، لە رێگەی بەرێزیشتانەوە سڵاوو پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدان و ئەندامانی سەرکردایەتی و سەرجەم ئەندامانی حزبە تێکۆشەرەکەتان دەکەین، دەخوازین کە وەک هەمیشە حزبی سۆسیالیستی براممان لە پێشکەوتن و گەشەکردن دابێ.

بەڕێزان! لە کاتێکدا کە ئێوەی تێکۆشەر ساڵیادی دامەزراندنی حزبە تێکۆشەرەکەتان دەکەنەوە، رەوشی باشووری کوردستان لە ئاڵۆزی و ناجێگیریدایە، لەلایەکەوە وادەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کۆتا بووەو ئاسۆیەکی روون بۆ زیندووکردنەوەی لە ئارادانیە، لەلایەکی دیکەشەوە عەرەبە رەگەزپەرستەکانی نێو پەرلەمانی عێراق گەرەکیان یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان تێپەڕ بکەن و گورزی کاریگەر لە چارەنووسی پارێزگای کەرکوک بدەن، بەوهۆیەشەوە قۆناغەکە دەخوازێ کە شێلگیرانەو یەکگرتووانە رووبەرووی پلانی ناحەزانی گەلی کوردستان ببینەوە.

بەڕێزان! ئەگەر ٨ی ئابی ١٩٧٦ وەک دەستپێکی خەباتی شۆڕشگێرانە بۆ زیندووکردنەوە و هەڵساندنەوەی گەلی باشوور پێداویستییەکی مێژوویی بووبێت، ئەوە ئێستاش ٨ی ئاب دەکارێ ببێ بە رۆژی رابوونەوە لەبەرانبەر رەگەزپەرستان و لەگۆرنانی پلانی ناحەزان، دەکرێ لەم مانگەدا بەیەک گوتار و یەک هەڵوێستی کوردستانیانە، بۆ گێڕانەوەی کەرکوک خەباتی راستین دەست پێبکەین و دوژمن و ناحەزانمان هەناسە سارد بکەین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش سڵاو و پیرۆزبایی خۆمان دووپات دەکەینەوە.

شکۆدار بێ ٨ی ئاب، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان.

**رێکار ئەحمەد**

**سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان**

**٨- ٨- ٢٠٠٨**

# بەرەو سێیەمین کۆنگرەی حزب

کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان بە تەواوی کادیرو ئەندام و لایەنگرانی حزب رادەگەیەنی کە لە مانگەکانی داهاتوودا سێیەمین کۆنگرەی حزبمان پێکدێ، بەوهۆیەوەو بەمەبەستی بەشدارییپێکردنی هەمووان لە دارشتنەوەی پێڕۆو پڕۆگرام و سیاسەتی حزب، داوا لە هەمووان دەکات کە بەهەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ راو سەرنجی خۆیان بۆ کۆمیتەی ئامادەکار رەوانە بکەن.

کۆمیتەی ئامادەکاری سەربەرزو بەختەوەردەبێ کە ئەگەر لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە پەیامی نووسراو راو سەرنجی خۆیانی بۆ رەوانە بکەن.

کۆمیتەی ئامادەکاری سێیەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان دوایی ئامادەسازی و تەواوبوونی کارەکانی خۆی، کات و شوێنی کۆنگرە بۆ میوانان و ئەندامانی کۆنگرە دیاری دەکات.

دەتوانن رامان و سەرنجی خۆتان لەسەر ئەم ئیمایلانە رەوانە بکەن:

info@rpk٩٣.org

rpk٩٣@hotmail.com

rekarahmed@hotmail.com

# هەواڵی سەیر

**پێرێ** هەینی ١٥-٨-٢٠٠٨ زۆربەی وتاربێژانی شاری سلێمانی لە وتارەکانی نوێژی هەینیدا هانی خەڵکیان دا تا بچنە بنکەکانی تۆمارکردنی دەنگ و لە هەبوونی ناوەکانیان دڵنیا ببنەوەو خۆیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئامادە بکەن کە نازاندرێ کەی و چۆن بەڕێوە دەچێ؟

**رۆژی** ١٦-٨-٢٠٠٨ محەمەد شاهین بەرێوەبەری خزمەتگوزاری مەدەنی لە ناوچەکانی باشوور و رۆژئاوای کەرکوک رایگەیاند، کە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی بێ کاری و و زاڵبوون بەسەر تیرۆریستان، هێزەکانی ئەمەریکی پرۆژەیەک لە کەرکوک جێبەجێدەکەن کە هەلی کارکردن بۆ ٥٠٠ کەس دابیندەکات، بەڵام شاهین ئاشکرای نەکردووە کە ئایا ئەو هەلی کارکردنە بۆ عەرەبە هاوردەکان و ئەندامانی بەرەی تورکمانیە یان هەموو دانیشتووانی شارەکە لێی سوودمەند دەبن؟!

**رۆژی** ١٤-٨-٢٠٠٨ چەند پۆلیسیک لەناو سەیارەیەکی مەدەنی دابوون، لەنزیک جادەی قەنات لە شاری سلێمانی شۆفێرەکە رۆنگ سایدی لێدا و سەرپێچی رێنوێنیەکانی کرد، پۆلیسەکان بەپەلە بێریەکانیان هێنایە خوارەوە و گوتیان نەوەک پۆلیسی هاتووچۆ بمانبینێ و بلێ ئەها پۆلیس سەرپێچی یاسا دەکات!

**لەهەفتەی** رابردوو کاتێک تیپێک لە کوڕان و کچانی شاری کەرکوک خەریکی هەڵواسینی لافیەتی جۆراوجۆربوون بەبۆنەی ساڵڕۆژی حزبەکەیانەوە، پیرەژنێکی سواڵکەر لێیان نزیک دەبێتەوەو دەپرسێ: 'دایکتان بە قوربانتان بێ! ئەمە بۆچی بەم گەرمایە خۆتان هیلاک دەکەن و ئەو هەموو قوماشە خەسار دەکەن؟ خۆ ئەگەر ئەو هەموو قوماشە بە منداڵە بێ بەرگەکان بدەن، هەموویان پۆشتە دەکرێن؟

**رۆژی** ١١-٨-٢٠٠٨ بڕیاری داخستنی بنکەی دەنگدانی ناحیەی بالسان درا، بەهۆی ئەوەی کە ماوەی مانگێک دەبوو کە ئەو بنکەیە کرابۆوەو وا پێشبینی دەکرا کە خەڵکی بۆ دڵنیابوون لە ناوەکانیان سەردانی بکەن، بەڵام بەگوێرەی زانیاریەکان تا رۆژی داخستنی هیچ کەسێک سەردانی ئەو بنکەیەی نەکردبوو! بۆیە بڕیاردراوە کە کارمەندانی ئەو بنکەیە خۆیان گوند بە گوند بگەڕێن و خەڵکەکە لە هەبوونی ناوەکانیان دڵنیا بکەنەوە.

**هەفتەی** رابردوو، دوای ئەوەی لیوای ٤ی سوپای عێراق لە ناحیەی قەرەتە جێگیر کرا، فەرماندەکانی ئەو لیوایە سەردانی ماڵە عەرەب و تورکمانەکانیان کردو پرسیاری ئەوەیان لێکردن کە ئاخۆ ئەو ماوەیە رەفتاری هیزەی پێشمەرگە لەگەڵ ئەوان چۆن بووە؟ سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە فەرماندەی سەربازی عێراقی زۆر حەز دەکەن کە ماڵە عەرەب و تورکمانەکان گلەیی لە پێشمەرگە بکەن، چونکە بەنیازن راپۆرتێکی تایبەت لەسەر رەفتاری هێزی پێشمەرگە دژ بە خەڵک بۆ وەزارەتی بەرگری بەرز بکەنەوە.

**رۆژی** ١٣-٨-٢٠٠٨ هەواڵێک بڵاوکرایەوە کە گوایە کچێکی دانیشتووی ئۆردوگایێکی نزیک شاری هەولێر بە دەسرۆکەی خۆی خۆی هەڵواسیوەو خۆی خنکاندووە، بانگەشەی ئەوەش دەکری کە قوربانیەکە نەخۆشی دەروونی هەبووە، ئەمە یەکەمین جار نیە کە کوژران و سوتان و خنکاندنی ژنان دەخرێتە ئەستۆی خۆیانەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە دوو رۆژ پێشتریش کچێکی ١٧ ساڵان بەهۆی کارەباوە گیانی لەدەست دابوو، واش راگەیاندرابوو کە دەستی بەر وایەری کارەبا کەوتووە. هەرچەندە کە هیچ بەڵگەیەک بۆ مردن و سوتاندنی کچان و ژنان لەبەردەست دانیە، بەڵام باوەڕ ناکرێ ئەو هەموو کەسە هەر بۆ خۆیان کۆتایی بە ژیانی خۆیان بهێنن و هیچ کێشەو گرفتێکیشیان نەبووبێ؟!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com